# سیناریۆکانی پشت هەوڵەکانی گۆڕینی سروودی ئەی ڕەقیب

## عەتا قەرەداخی "دۆڕاوی یەکەم لەم مەسەلەیەدا شێرکۆ بێکەسە، دەبێت ئەو بزانێت پارتی بەئاسانی ئەو قبوڵناکات"

## شێرکۆ بێکەس "من پێویستم بەوە نییە سروودی نیشتیمانی هی من بێت"

ڕاپۆرتی ئەحمەد میرە و دێرین حامید
فۆتۆ : هێمن - هەردی


عەتا قەرەداخی
شێرکۆ بێکەس

● گۆڕینی سروودی ئەی ڕەقیب وەکو زۆرێك لەشتەکانی تری ئەم وڵاتە، سیناریۆیەکی چێژبەخش بوو. ئەوەی لەم سیناریۆیەدا مایەوە وەك خۆی تەنها شیعرەکەی دڵدار بوو، بەڵام کارەکتەرەکانی دۆڕان. دۆڕانێك کە کەس نازانێت سەرچاوەکەی چییە؟ ئەوەی تا ئێستا ڕوونە تەنها ئەوەندەیە مەسەلەی گۆڕینی ئەی ڕەقیب ڕێکەوتنێکی خەیاڵی شاعیرانەو هونەرانەی هەندێك لە برادەران بوو. گۆڕینەکە لە پلانێکی نەتەوەیی حکومەتەوە بووە خشەیەکی سەرمێزی دوو هاوڕێی ئازیز. ئەم حاڵەتەش وایکرد کە سەرۆکی هەرێم لەبارەی گۆڕینی ئەی ڕەقیب-ەوە، لێدوانی توند بداتو وروژاندنیشی قەدەغەبکات.

"گۆڕینی سروودی ئەی ڕەقیب هەروا شتێکی ئاسان نییەو بەدەست کەس نییەو بە بڕیاریش ناگۆڕێت، سروودی ئەی ڕەقیب چۆتە کۆنەستی نەتەوەییەوە" ئەمە بۆچوونی نووسەرو ڕۆشنبیر عەتا قەرەداخی-یە. لە بەرامبەردا شێرکۆ بێکەس خاوەنی سروودە نوێیەکە بەمجۆرە دەدوێت "ئەو مشتومڕو قسانەی لەبارەی ئەم سروودەوە کراون زیاد لە پێویستو زیاد لە خۆی گەورەکرا، ئەمە لە کاتێکدا ئێمە لەم قۆناغەدا کێشەگەلی گەورەتری چارەنووسسازمان لە ڕووی سیاسییو کۆمەڵایەتییەوە لەبەردەمدایە، وەکو؛ مەسەلەکانی فیدراڵیو کەرکوكو گرفتی کۆچی لاوانو مەسەلەی مافو یەکسانیو ئازادی ژنو گەندەڵیو دارزان کە تەواوی جەستەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە".

عەتا قەرەداخی زیاتر لەبارەی ئەم سروودەوە دەدوێت، ئەوە دەخاتەڕوو "کە دڵدار بە هێزو پشتو پەنای خۆی، خۆی سەلماند، ئەی ڕەقیب بووە سروودی نیشتیمانی، لە کاتێکدا نە حزبو نە هێزی ماددیو مەعنەوی گەورەی لەپشتبوو، کۆمەڵانی خەڵك بڕیاریاندا ببێتە سروودی نیشتیمانی".

شێرکۆ بێکەس بە ئەزموونێکی گەورەی شیعرییەوە چووە ژێر باری گۆڕینی ئەو سروودە، عەتا قەرەداخی بەمجۆرە لە ئەزموونی شیعری شێرکۆ دەدوێت "کاك شێرکۆ شاعیرێکی دیاری ئەم نەتەوەیەیە، لە بواری ئەدەبو شیعردا کاری زۆری کردووە، بەو ئەندازەیەی شاعیرە، ڕۆشنبیر نییەو ئاگاداری بنەماکانی نەتەوەو سیاسەت نییە، بەلای منەوە شاعیری گەورەی گەلەکەمان نییە، ئەوە قسەی ڕۆژنامەو سیاسییەکانە".

بەڵام شێرکۆ بە شانازییەکی زۆرەوە باسی ئەزموونی شیعری خۆی دەکاتو ئاماژە بەوە دەکات کە هەرگیز پێویستی بەوە نییە کە لەسەر هاندانی خەڵکی تر کاربکات "من شاعیرێکم، بەڵام چەندین شاعیری بەتواناو بەهرەداتر لەم وڵاتەدان، چەندین مۆسیقاری بەتوانای تر هەن، ئەشێ زۆر لە ئێمە باشتربن، دیسانەوە من بەشبەحاڵی خۆم ئەوە هەرگیز خەمی گەورەم نییە، ئەو شیعری سروودە هی من بێ یان نا؟! چونکە من ئەو تەمەنو ئەزموونەم تێپەڕاندووە تا هەڵمبدەن ئەو شتانە بکەمو پێویستیشم پێی نییە"، ئەمە ڕوانینی مامۆستا شێرکۆ بێکەسە لەسەر ئەزموونی خۆی.

بۆچوونی پێچەوانەی ئەمە بۆچوونی عەتا قەرەداخییە دەڵێت "کاك شێرکۆ پیاوێکە زیاتر بە

عاتیفەو سۆزو هەڵچوونی شاعیری خۆی ئیشدەکات، ئەگەر بەشێوەیەکی مەوزوعی بیری لێبکردایەتەوە دەیزانی نەك بە ئەو، بەڵکو هیچ کەسێك ناتوانێت سروودی ئەی رەقیب بگۆڕێت. بەتایبەتی ئەو سروودەی شێرکۆ زۆر زۆر لاوازە، بە هیچ جۆرێك لە ئاستی شیعرەکەی دلّداردا نییە. بە جۆرێك لاوازە ئەگەر دیوانی کاك شێرکۆ چاپبکەمەوە، رەنگە هەندێك شیعر لاببەم، ئەوا ئەم سروودە یەکێك دەبێت لەوانەی کە لایدەبەم. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەم شیعرە بە تەکلیف نووسراوە، چونکە ئەو بە تەکلیف زۆر کاردەکاتو بە تەکلیف شیعری بۆ بەرپرسانو شەهیدانو سەرکردەکانو ئەو کەسانەی کە پلەوپایەیان هەیە زۆر نووسیوە. لە بەرامبەریشدا حزبو سیاسەت ئیشی زۆریان کردووە بۆ ئەوەی ناوی گەورەبکەن. جارێك جەنابی مام جەلال رووبەڕوو پێیوت (ئێمە زۆر کارمانکردووە بۆ شێرکۆ، ئێمە کردوومانە بە شاعیری گەورە) هەرچەندە خۆم بۆچوونم وانییە، پێموایە شێرکۆ شاعیرێکی راستەقینەیە، چونکە لەناو یەکێتییدا دەیان شاعیری تر هەبووە، هیچیان نەبوون بە ناو، ئاشکراشە کە ئەم کارە تەکلیفی ئەو حزبەیە کە ئەو تیایدا ئەندامە. هەرچەندە خۆی دان نانێت بەمەدا، کاتی خۆی مام جەلال فەرمووی (ئەو ئەندامی فەخری سەرکردایەتی ئێمەیە)، ئەو حزبەش پارەی زۆری داوەتیو دەزگای بۆ داناوە".

شێرکۆ بێکەس باس لە پیرۆزو هێزی سروودی ئەی رەقیب دەکاتو بەمشێوەیە لەم سروودە دەڕوانێت "نزیکەی نیوسەدەیە خەڵکی کوردستان ئەی رەقیب-یان لەسەر زارەو دەیڵێنەوە، واتە بووە بە سروودێکی میللی بۆ هەمووان، وەلێ ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێت کە خوێندنەوەی تازەمان بۆ مێژووی خۆمانو ئەو سروودەیش نەبێت، چونکە ئەو سروودە لەدایکبووی قۆناغێکی تایبەت بووە کە لە ئێمەدا گۆڕانی گەورە بەسەر هەموو پێکهاتە میللیو کۆمەڵایەتییەکاندا هاتووە. دلّداری شاعیر یەکێکە لەو شاعیرو رووناکبیرانەی کە لە سەردەمی خۆیدا دەوری بەرچاوی هەبووە لە ژیانەوەی هەستی کوردایەتیو میللیی ئێمەدا، یەکێك بووە لە رێبەرە شۆڕشگێڕەکانو سروودی ئەی رەقیب-یش مەشخەڵی ئەو رێگایە بووە. یەکێك لە خاسیەتە گەورەکانی سروودی نیشتیمانی ئەوەیە سروودی هەموو سەردەمەکان بێت ،بۆ ئێستاو داهاتوویش. بەڵێ شیعری ئەم سروودە هەتا بڵێیت دێڕی درەوشاوەو جوانی تێدایە، بەلاّم دێڕی وایشی تێدایە کە دەبێت لەسەریان بوەستینو پرسیاریان بکەین، بۆ نمونە؛ (ئێمە رۆڵەی میدیاو کەیخوسرەوین)، با بڵێین بەشێك لە مێژوونووسان ئێمە دەبەنەوە سەر میدیەکانو ئەوەمان قبوڵە، بەلاّم کەیخوسرەو کێیە؟! چ پەیوەندیی بە مێژووی ئێمەوە هەیە، جگە لەوەی کە پادشایەکی پارسەکان بووە. لەلایەکی تریشەوە سروودەکە بە تەنها سروودی پیاوو رەگەزی نێری کوردە، واتە نێرە یان لە نیوە زیاتری کورد کە ئافرەتانن لەم سروودەدا بزرو بێناون".

چۆنێتی رێکەوتن لەسەر نووسینی سروودی نیشتیمانی نوێ چۆن بووە؟ مامۆستا عەتا لەمبارەیەوە بۆ لڤین بەمشێوەیە دوا "رەنگە بەبێ ئاگاداری یەکێتیی کاك شێرکۆ بێکەس لەگەڵ هەڵکەوت زاهیردا رێکەوتبێت، لەوانەیە ئەو بەرێزەش ویستبێتی سوود لە پلەی شیعری کاك شێرکۆ وەربگرێت، چونکە بەحسابی برادەرانی پارتی شاعیری یەکەمی یەکێتییە، ئەویش هەوڵیدابێت ئاوازدانەرو مۆسیقادانەری یەکەمی پارتی بێت، ئەم دوو یەکەمە پێکەوە سروودێك بۆ نەتەوەی کورد دابنێن، ئەگەر یەکێتیو پارتی رێکەوتبن لەسەر گۆڕینی ئەم سروودە، دابەشکردنەکە وەك دابەشکردنە ئیدارییەکەیان وایە، هەر پەنجا بە پەنجا بووە".

شێرکۆ بێکەس لەگەڵ ئەوەدا نییە کە رێکەوتنی پێشوەخت لەسەر گۆڕینی ئەم سروودە کرابێت "دانانی ئەم سروودە لەسەر داوای چەند هونەرمەندێك بووە، بەتایبەتی هونەرمەند کاك هەڵکەوت زاهیر دوورو نزیك پەیوەندیی بە حکومەتی هەرێمی کوردستانو یان لایەنێکی سیاسییەوە نەبووە، بۆ ئەم مەبەستەش من بەشبەحاڵی خۆم هیچ کاربەدەستو دەسەلاّتدارێکی حکومەتیو حزبیم نەبینیوە. هەر لە بنەڕەتیشدا دانانی ئەم سروودە هەرگیز بۆ ئەوە نەبووە جێگەی سروودی ئەی رەقیب بگرێتەوە، چونکە ئەگەر گریمان بۆ ئەوەی سروودێك جێگەی سروودێك بگرێتەوە، ئەمە کارێك نییە تەنانەت ئەگەر فەرمانی رەسمیشی بۆ دەربچێت، هەروا ئاسانو خێرابێت، چونکە ئەمە هەر کارێکی ئیداریو حکومیی نییە، سروودی نیشتیمانی دەبێت لەلایەن خەڵکییەوە پەسەندبکرێتو فەرزکردنی تێدانییە، بەلاّم دەشێت ئێمە چەندین سروودی نیشتیمانی جوانمان هەبێت، هەموو رەنگەکانمان هەبن، خۆ ئەگەر لە حاڵەتێکدا حکومەت یان پەرلەمان نیازێکی وای هەبێت، دەبێت ئەم کارە وەك لەوەوبەریش وتبووم بخرێتە جۆرێك لە کێبڕکێوە، بۆ ئەوەی زۆرترین ژمارەی شاعیرو ئاوازدانەر بەشداریی تێدابکەن".

چەندە دەکرێت ئێمە شێرکۆ بێکەس لە دەرەوەی حزب سەیربکەین، بۆچی شیعرەکەی شێرکۆ نەیتوانی شوێن بە شیعرەکەی دلّدار لەقبکات، قەرەداخی لەمبارەیەوە بەمجۆرە دەدوێت "جگە لە دلّداریش زۆر شاعیری تر شیعری نیشتیمانییان وتووە، بەلاّم ئەو شیعرانە نەبوونەتە شیعری نیشتیمانی. سەبارەت بە کاك شێرکۆ ئەوە حەقیقەتێکە هەرکەس سەیریبکات لە دەرەوەی یەکێتیی نیشتیمانیی نایبینێت، کەواتە ئەو شاعیری یەکێتییەو شاعیری بەرپرسەکانێتی. ئەو وەك هەموو کادرێکی یەکێتیی لە کاتی شەڕدا، لە شەڕدا بووە، لەگەڵ حزبەکەیدا بووە جگە لە شیعریش ئەو وتاری بۆ شەڕی ناوخۆ نووسیوە، خراپترین شیعری خۆی کە بەناوی بۆننامە-یەو ناشیرینترین شیعرێتیو دەتوانم بڵێم خراپترین شیعرە لە ئەدەبی کوردیدا، چونکە بۆنی شەڕی لێدێت. کارێکی سەیرو سەمەرەیە، پیاوێك بۆننامەی نووسیبێت کە جنێودانە بە بەشێك لە حزبەکەی برادەری، کەواتە شتێکی قورسە شیعر بۆ هەموو کورد بنووسێت. هەر کەسێك راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەشداریی شەڕی ناوخۆی کردبێت یان شیعری بۆ وتبێت، سەیرە بڵێت من مارشی نەتەوەیی دەنووسم. ئەم حاڵەتە ئیفلیجو ناتەواوو پڕ لە شکستە بەتەنها لەناو مێژووی کورددا دەیبینم، کەسێك دژی بەشێك لە نەتەوەکەی خۆی بووە، بەلاّم ئێستا سروودی نیشتیمانی بۆ هەموو گەلەکەی دەنووسێت".

رۆڵی حکومەتو راوێژکاری هونەری سەرۆکی حکومەت دەربارەی گۆڕینی سروودی نیشتیمانی روون نییە، ئایا لە دەسەلاّتی پەرلەمانە سروود بگۆڕێت یان راوێژکاری هونەری دەتوانێت بیگۆڕێت؟، عەتا قەرەداخی لە وەلاّمی گۆڤاری لڤین-دا وتی "هەڵکەوت راوێژکاری کاك نێچیرە، زۆر کاری هونەری ئەنجامداوە، بۆیە ئەگەر پێشنیاربکات بۆ سەرۆکی حکومەت بۆ ئەم کارە پارەیەکی زۆر سەرفبکات، بێگومان دەیکات. وەك

باس لەوە دەکەن کە کاری هونەری زۆر کراوە بۆ تۆمارکردنی، ئەوانەی هەوڵی گۆڕینیان داوە لەو بڕوایەدا نەبوون کە ئەنجامەکەی بەوشێوەیە بکەوێتەوە. خەڵك هەیە لە خوارەوە فشار دروستدەکات. من پێموایە ئەوەی کە رەنگە بێئاگابووبێت سەرۆکی هەرێمە، بەتایبەت کە دەبینین لێدوانەکانی سەرۆکی هەرێم لەوبارەیەوە هەندێك توندوتیژبووە، وەزیری رۆشنبیریی هەڵوێستی زۆر جوان بوو، وتی: ئەگەر بگۆڕێت وازدەهێنم"، لەسەر پۆستی وەزیری رۆشنبیریی‌و راوێژکاری هونەری سەرۆکی حکومەت‌و رۆڵیان لەسەر گۆڕینی سروودی نیشتیمانی‌و پلەوپایەیان لە دەسەڵاتدا، مامۆستا عەتا وتی "لە هیچ بەشێکی دنیادا راوێژکار پێش وەزیر ناکەوێت، ئەگەر هەڵکەوت تەسەوری ئەوە بکات بکەوێتە پێش کاك فەلەکەدین-ەوە، ئەمە بێسەرەوبەرەییە، ئەوەی تۆزێك بزانێت ئەو حزبە چۆنە، دەزانێت کە فەلەکەدین پیاوێکی خوێندەوارە. شوێنەکەی لەپێش مەکتەبی سیاسییەوەیە، لە چاوپێکەوتنێکدا لە (رامان)دا سەبارەت بە خۆنەپاڵاوتنی جارێکی تری بۆ سەرکردایەتی پارتی، دەڵێت: من لە لایەنگیرییەوە دەستمپێکردووە هەتا گەیشتمە کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی کە ئەمەش دواپلەیە، چونکە من نابم بە سەرۆکی پارتی. فەلەکەدین راوێژکاری سەرۆکی پارتییە بۆ کاروباری سیاسیی‌و رۆشنبیری کە شتێکی چارەنوسسازانەیە، من بەشبەحاڵی خۆم نازانم توانای هەڵکەوت زاهیر چۆنە، رێزم هەیە بۆی، هیچ عەقڵێك تەسەوری ئەوە ناکات کە هیچ راوێژکارێك لەپێش فەلەکەدین-ەوە بێت، ئەو رۆشنبیری پارتییە. بۆچوونی کاکەیی لە عاتیفەوە نەهاتووە، دەزانێت ئەو سرووودە لە کوێدا جێگەی گرتووەو چ جێگەیەکی هەیە".

سەرۆکی هەرێم ئاگای لە گۆڕینی ئەم سرووودە نەبووە، قەرەداخی بۆچوونی وایە کە "رەنگە یەکەمجار ئاگای لێنەبووبێت ئەم سرووودەو دڵدار لە زیهنیەتی سەرکردایەتی پارتیدا شوێنێکی تایبەتییان هەیە، پارتییەکان بە ئەی رەقیب نالێن سرووودی نیشتیمانی، پێیدەڵێن مارشی نەتەوەیی، کەواتە ئەم سرووودە لەلای پارتی جێگیرە، بەلام یەکێتیی پێیخۆشە بگۆڕێت، حەزدەکات شاعیرەکەی خۆی شیعرێك بنووسێت‌و ببێت بە سرووودی نیشتیمانی".

شێرکۆ بێکەس پێیوایە کە ئەو کارەی ئەو بۆ ئەوە نەبووە کە جێگای ئەی رەقیب بگرێتەوە "ئەمە لە کاتێکدا نە هیچ بڕیارێك لەئارادایەو نە منیش‌و نە کاك هەڵکەوت زاهیر-یش وتوومانە ئەم سرووودە جێگەی ئەی رەقیب دەگرێتەوەو سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش بەئاشکرا ئەوەی وت کە مەسەلەی هیچ گۆڕانێك لەئارادا نییە. هەندێك لە ئیسلامییە سیاسییەکانی کوردیش لە بەرژەوەندی سیاسیی‌و حزبی خۆیانەوە دەیانەوێت ئەم گۆمە زیاتر بشڵەقێنن‌و رای من‌و کاك هەڵکەوتیش هەر تەواو پێچەوانەی لێکدانەوەی ئەوانە، هەم دڵدارو هەم سرووودەکەیشی لە یادەوەریی نەتەوەیی ئێمەدا هەر بە پرشنگداریی دەمێننەوە. روانینی رەخنەیی بووەو سەرچاوە لە بیری نەتەوەیی‌و نیشتیمانی کوردەوە دەگرێت‌و کە دیارە ئەم سەرچاوەیەو لێکدانەوەی ئەوان هەر تەواو لە یەکتری جودان".

قەرەداخی لەسەر ناکۆکی نێوان هەرسێ دەسەڵاتی سەرۆکایەتی هەرێم‌و سەرۆکایەتی وەزیران‌و سەرۆکایەتی پەرلەمان دەربارەی گۆڕینی سرووودەکە دەڵێت "سرووودی نیشتیمانی پێویستی بە بڕیاری پەرلەمانە. هەڵکەوت زاهیر پێش ئەوەی ئەو کارە بکات، دەبوو لە رێگای سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئەوە بداتە پەرلەمان، ئەوکاتە پەرلەمان بڕیاریدەدا لەسەر ئەوەی بگۆڕێت یان نا. بڕیاری خۆی بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم بناردایەو رەزامەندی لەسەربدایە. کارەکە لە بنەڕەتدا بە کارێکی دەرەوەی یاسا رۆیشتووە. میزاجی تاکەکەس دەوری بینیوە، هەر کەس بۆ خۆی کاردەکات. لە هەموو دنیادا دەبێت لە ئەنجومەنی وەزیران گفتوگۆ لەسەر کارەکان بکرێت، بەلام چونکە حکومەتی ئێمە موئەسەسەیی نییە، هەربۆیە هەڵکەوت دەڵێت من لە سەروو وەزیری رۆشنبیرییەوەم. ئەوە دەسەلمێنێت کە شێواوییەکی تەواو هەیە. بەداخەوە تا ئێستا ئەو کارانەی کە لەکوردستاندا دەکرێن نهێنیی‌و تەجەسوسین. تۆ بێیت لەپشت پەرلەمان‌و ئەنجومەنی وەزیرانەوە بیگۆڕێت لەوانەیە کاك هەڵکەوت بەچەند قسەیەك کاك نێچیری رازیکردبێت‌و ئەویش وتبێتی کارێکی باشە، بەلام دوایی کە ناڕەزایی دەبینن پاشەکشەدەکەن".

دەربارەی لێدوانە توندەکەی سەرۆکی هەرێم سەبارەت بە گۆڕین‌و قسەکردن لەسەر گۆڕینی ئەی رەقیب، عەتا قەرەداخی رای وایە "سەرۆکی هەرێم لە شوێنێکدا دەڵێت: هەندێك هونەرمەندو بەرپرس دەیانەوێت ئێمە سەرقاڵبکەن بە هەندێك کارەوە، وەك؛ ئەوەی ئێمە هیچ کێشەیەکی ترمان نەبێت. ئەمەیان تا رادەیەك هێمنە، لێدوانی دووەمی کار گەیشتە ئەوەی کە ئیتر سرووودەکە رادەگەیەنرێت. هەر لێرەشەوە بۆمان دەردەکەوێت کە شوێنی فەلەکەدین گەورەترە لە هەڵکەوت زاهیر، ئەوەندە بەسە کە فەلەکەدین سەرۆکی هەرێم تێبگەیەنێت کە ئەو گۆڕینە کارێکی نابەجێیەو دڵنیام کاك مەسعود لەخۆوە ئەم بڕیارە نادات. بەلامەوە سەیرە لە ولاتێکدا سرووودی نیشتیمانی کە پەیوەندی بە لوتکەی دەسەلاتی ولاتەوە هەبێت‌و بتەوێت بیگۆڕیت‌و بڕیارەکە بڕیاری سەرۆك نەبێت، لێدوانەکانی سەرۆکی هەرێم بوو بە جێگرەوەی کارەکانی پەرلەمان، بۆ ئەمە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ دەسەلاتەکانی سەرۆکی هەرێم کە لە بنەڕەتدا دەبێت لەلایەن وەزارەتەوە بڕیاربدرێت‌و بنێرێت بۆ سەرۆکی هەرێم‌و ئەویش بنێرێت بۆ پەرلەمان، بەلام لێرە پەرلەمان دەنگی لێوە نەهاتووە، رەنگە سەرۆکی پەرلەمان کە پیاوێکی باشەو سەر بە یەکێتییە، حەزیکردبێت شیعری شاعیرێکی سەر بە حزبەکەی ببێتە سرووودی نیشتیمانی... دەبێت ئەوە بزانین کە پەرلەمان ناکاراو لاوازەو تەنها ئەوەیە بەشی زۆری داهاتی کوردستان بۆ مووچەکانیان دەبەن، لە ئەنجامدا بەرامبەر شتێکی ئاوها بێ هەڵوێست دەبن".

عەتا قەرەداخی لە دوا سەرنجیدا بۆ گۆڤاری لڤین لەسەر تەوەرەی گۆڕینی سرووودی ئەی رەقیب بەمشێوەیە دوا "لە نەگۆڕینی ئەم سرووودەدا دۆڕاوی یەکەم کاك شێرکۆیەو دوای ئەو بەپلەی یەکەم هەڵکەوت زاهیرە، بەلام دۆڕانەکە بۆ کاك شێرکۆ گەورەترە چونکە ئەم پێگەو پایەیەکی زۆر بەرزی هەیە، ئەم نەگۆڕینە زیانێکی گەورەی مەعنەویی بۆ کاك شێرکۆ هەیە. دەبوو کاك شێرکۆ بیزانیایە کە ئەو لە بارودۆخێکدایە پارتی کە هەر شتێکی ئەو بچێتە لایان‌و دەسەلاتیان بەسەریدا هەبێت‌و ناهێڵن جێگە بگرێت. لەلایەکی ترەوە دەبێت بزانێت کە پارتی هەروا بەئاسانی ئەو قبوڵناکات‌و تەنانەت رووبەرێکی تریش هەیە لەناو کۆمەڵگای کوردیدا کە لەناو یەکێتییدا شێرکۆیان پێ قبوڵناکرێت، چونکە کاك شێرکۆ بەدرێژایی هەموو ئەو سالانە بەشێوەیەك مامەڵەی کردووە کە شاعیری بلاتی یەکێتییە".